# وەرزشوانانی کوردستان ڕۆژی ریفراندۆم دەکەنە ڕۆژێکی نیشتمانی





**کاوە ئیبراهیم ڕاهێنەری گۆڵپارێز:**

«بە دڵنیاییەوە دەنگ بە بەڵێ دەدەم بۆ سەربەخۆیی و سەربەستی خۆمان و زامنکردنی ئایندەی نەوەکانمان، ئەمە هەلێکی زێڕینە بۆ گەلەکەمان ڕەخساوە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەم خەونە لەمێژینەمان بەدەست بهێنین، داواکاریشم لە هەموو وەرزشکارێك کەوا دەنگ بە بەڵێ بدەن لە ڕۆژی گشتپرسی و دیاریکردنی ڕۆژە مێژووییەکە بەوەش چارەنووسمان دیاری دەکەین لەم ڕۆژە گرنگە، هیواخوازم بە بەڵێ دەنگەکانمان ئەو هیوایەی چەند ساڵەمان بێتە دی.»



**ئەرسەلان قادر ڕاهێنەری جەستەیی و ناوبژیوانی نێودەوڵەتی:**

«وەکو ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتی بە خوێن دەنووسم (بەڵێ) تا دواهەناسەم ژیانم بۆ سەربەخۆییە و دەڵێم: بەڵێ بۆ کوردستانێکی ئازاد، پاڵپشتی جەنابی سەرۆك بارزانی دەبین لەم ڕۆژە گرنگە بە دەنگی بەڵێ دەنگ بە کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد دەدەین، بۆ ئەوەی ڕۆحی شەهیدانمان ئاسوودە بێت، ئەم ڕۆژە دەکەینە ڕۆژێکی گرنگی مێژوویی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی میللەتەکەمان، بۆیە لەم ڕۆژە گرنگەدا دەڵێم بژی کورد، بژی کوردستان، بژی پێشمەرگە و هیوادارم هەموو وەرزشکاران بە پەرۆشەوە ئەم ڕۆژە بکەنە کەرنەڤاڵێکی گەورە بۆ سەربەخۆبوونمان.



**هێمن مەهدی یاریزان و پاڵەوانی یاری تایکواندۆ:**

«ئەوەی دەڵێ ڕۆحی وەرزشیم هەیە، دەبێ ڕۆحی نەتەوایەتیشی هەبێت، لە بەر ئەوەی ئەگەر تۆ پاڵەوانی جیهانیش بێت بە بێ بوونی وڵات هیچ مانایەك نادات، بۆیە ئەرکە لە سەر هەموومان بە ڕۆحێکی وەرزشی و نەتەوایەتی بڵێین: بەڵێ بۆ ریفراندۆم و بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، هیوادارم ئەم ڕۆژە ببێتە ڕۆژێکی گرنگی مێژوویی لە ژیانی هەموو تاکێکی کورد، چونکە دیاریکردنی چارەنووسی میللەتێکی خاوەن سەدان ساڵەی خەباتە.»

دوای ئەوەی مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان و حزب و لایەنەکانی باشووری کوردستان ڕۆژی گشتپرسییان بۆ سەربەخۆیی دیار کرد کە لە ٩/٢٥ی ئەمساڵ ئەنجام دەدرێت، کوردستانییان بۆ ئەم ڕۆژە گرنگە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی خەونی لە مێژینەییان لەم ڕۆژە چارەنووسسازەدا دیاری بکەن، ئەوەش بۆ هەموو کوردێك وەرچەرخان دەبێ لە هزریان، چونکە لەم ڕۆژە بڕیارە لەسەر خەونە لە مێژینەکەیان دەدەن کە گەلی کوردستان زیاتر لە سەد ساڵە خەباتی بێوچانی بۆ کردووە، لەو پێناوەشدا قوربانی زۆری داوە و تەنانەت ڕووبەڕووی ئەنفال و جینۆساید بووەتەوە، لە ئێستاشدا کوردستانییان بە ئیرادەی بەهێزەوە دەیانەوێ چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، بۆیە وەرزشکارانی کوردستانیش پشتگیری ریفراندۆم دەکەن و لەم بارەشەوە گۆڤاری گوڵان بۆچوونی بەشێك لە وەرزشکارانی وەرگرتووە.



**نەریمان خدر گۆڵپارێزی یانەی شورتە:**

«بە دڵنیاییەوە ڕۆژی گشتپرسی دەچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بە بەڵێ دەنگ بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکەمان و میللەتەکەمان دەدەین، هیوام وایە دەنگی بەڵێ بتوانێ بەرەو سەربەخۆییمان ببات و بە خوێنی خۆشم هەوڵ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەدەم، بۆ ئەوەی میللەتەکەمان بتوانێ وەکو هەموو میللەتانی جیهان سەربەخۆ بژیت و بتوانین خاوەن کیانێکی سەربەخۆ بین و ئاڵای تایبەت بەخۆمان هەبێت لە کێبڕکێیە وەرزشییەکان، دڵنیاشم وەرزشکاران دەتوانن لە ڕۆژی گشتپرسی ڕۆڵێکی کاریگەر ببینن.



**جەرجیس ڕەشید پاڵەوان و شکێنەری ریکۆردی پەرتوکی گینس:**

«هیوادارم لەم ڕۆژە مێژووییەدا ئێمەی وەرزشکارانی کوردستان بە دەنگە (بەڵێ)یەکانمان بچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ بەدەستهێنانی ئەو خەونەی کە زیاتر لە سەد ساڵە ئێمە خەونی پێوە دەبینین، ڕۆژێکی مێژوویی گرنگمان لە پێشە و لە چاوەڕوانی ئێمەدایە بۆ ئەوەی بتوانین خەونی لەمیژینەی میللەتەکەمان بەدی بهێنین، هیوادارم وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان بتوانن ئەم ڕۆژە گرنگە بکەنە ڕۆژێکی نیشتمانی و سەرکەوتنی یەکجارەکی کوردستان.»



**ڕێکار هاشم یاریزانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر:**

«وەکو یاریزانێکی کورد دەڵێم: بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دەمانەوێ وەکو هەموو میللەتان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان بین و حەزیش دەکەم وەکو هەموو یاریزانەکانی وڵاتان کە بەشداریی کێبڕکێیە جیهانییەکان دەکەن، ئێمەش لە پاڵەوانیەتییە جیهانییەکان بە ئاڵا و سروودی نیشتمانیی خۆمانەوە بەشدار بین، بەهیوای ئەوەشم وەرزشکارانی کوردستان لەم ڕۆژە گرنگە بە (بەڵێ) دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەن بۆ وڵاتێکی سەربەخۆ وەکو هەموو نەتەوەکانی جیهان.»

# ئەستێرەیەک پەیوەندی بە یانەی ئەیاکسی هۆڵەندی کرد

یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی بەشێوەیەکی فەرمی گرێبەستی لەگەڵ سیم دی یۆنگدا واژوو کرد.
یانەی ئەیاکس بڵاویکردووە لەگواستنەوەی دی یۆنگی هێرشبەر یانەی نیوکاسڵ یونایتددا سەرکەوتوو بوون و جارێکی دیکە ئەو یاریزانەیان بۆ ریزەکانیان گواستووەتەوە.
دی یۆنگ لە هاوینی ٢٠١٤ ئەیاکسی بەرەو نیوکاسڵ بەجێهێشت و بۆ ماوەی پێنج ساڵ گرێبەستی لەگەڵ یانە ئینگلیزییەکە واژووکرد، بەڵام بەهۆی پێکانە یەك لە دوای یەکەکانیەوە گرفتی زۆری بۆ دروست بوو.
یاریزانە هۆڵەندییەکە وەرزی رابردوو بەشێوەی خواستن نیوکاسڵی بەجێهێشت و رویکردە یانەی ئایندهۆڤن، لەگەڵ ئەو یانەیەشدا بەشداری لە ٢٣ یاریدا کرد.
یانەی ئەیاکس ئەمستردام وەرزی رابردوو پلەی دووەمی خولی یانەکانی هۆڵەندای بەدەستهێنا، بەڵام بەهۆی شکستی لەیارییەکانی پاڵاوتنی گەیشتن بە چامپیۆنس لیگ و دواتریش یۆرۆپا لیگ، وەرزی ئەمساڵ بەشداری پاڵەوانێتیەکانی کیشوەری ئەوروپا ناکات.



# یاریزانێکی بەرشلۆنە چووە یانەی نیسی فەرەنسی

یانەی نیس-ی فەرەنسی گرێبەستی لەگەڵ مارلۆن سانتۆسی بەرازیلی و یاریزانی لاوی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی واژووکرد.
پێگەی یانە فەرەنسییەکە بڵاویکردووە بۆ ماوەی دوو وەرز و بەشێوەی خواستن گرێبستیان لەگەڵ مارلۆن سانتۆس واژووکردووە.
بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ گواستنەوەی ئەو یاریزانە بڕی ٢٠ ملیۆن یۆرۆ لەخەزێنەی یانە فەرەنسییەکە کەمدەکاتەوە دوای ماوەی خواستنەکەش یانەی نیس مافی کڕینی ئەو یاریزانەی بەشێوەی یەکجاری دەبێت.
مارلۆن سانتۆس هەفتەی رابردوو راهێنانەکانی بلاوگرانای بەجێهێشت و بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی و تەواوکردنی رێکارە یاساییەکانی گرێبەستەکەی گەشتی فەرەنسای کردبوو.







## برایەکی هازارد پەیوەندی بە یانەی چێلسی کرد

یانەی چێلسی ئینگلیزی گرێبەستی لەگەڵ کیلیان هازاردی برای ئیدین هازاردی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەکەی واژووکرد.
یانەکەی لەندەنی پایتەختی ئینگلتەرا بڵاویکردووەتەوە بەشێوەیەکی فەرمی گرێبەستیان لەگەڵ کیلیان هازارد واژوو کردووە.
بڵاویشیانکردووەتەوە گفتوگۆکانیان لەگەڵ ئیدارەی یانەی ئۆگیبێستی هەنگاری بەئەنجام گەیشت و سەرکەوتوو بوون لەگواستنەوەی کیلیان هازاردی تەمەن ٢٢ ساڵدا.
کیلیان هازارد لەتیپی یەکەمی چێلسی یاریی ناکات و دەچێتە تیپی دووەمی یانەکەوە.
براکەی هازارد لە بەلژیکا و لەیانەی وایت ستار برۆکسلەوە دەستی بەیاریکردن کردووەو دواتریش چووەتە یانەی زۆڵت واریگیم، لەهاوینی ٢٠١٥شدا چووەتە هەنگاریا و درێسی یانەی ئۆگیبێستی پۆشیوەو لەگەڵیدا ٤٢ یاری ئەنجامداوە.



## دوو یاریزانی تر پەیوەندیان بە یانەی مۆناکۆوە کرد

یانەی مۆناکۆی فەرەنسی گرێبەستێکی دیکەی واژووکرد و باڵدی دیاو کێیتای یاریزانی یانەی لازیۆی بۆ ریزەکانی گواستەوە.
یانەی مۆناکۆی فەرەنسی بەشێوەیەکی فەرمی گواستنەوەی ستیڤان یۆڤیتیچی هێرشبەری یانەی ئینتەرمیلانی بڵاوکردەوە.
یانەکەی میرنشینی مۆناکۆ واژووکردنی گرێبەستێکی دیکەی بڵاوکردەوەو گواستنەوەی باڵدی دیاو کێیتای سەنیگالی و یاریزانی یانەی لازیۆی ئیتاڵی بۆ ریزەکانی راگەیاند.
گرێبەستەکەی باڵدی لەگەڵ یانەی مۆناکۆ بۆ ماوەی پێنج وەرز و تاهاوینی ساڵی ٢٠٢٢وە.
هێرشبەرە تەمەن ٢٢ ساڵە سەنیگالییەکە لە ئیسپانیا لەدایک بووەو لەماوەی رابردووشدا هەردوو یانەی ئینتەرمیلان و یۆڤانتۆس هەوڵی گواستنەوەیاندا، بەڵام یانەکەی رۆمای پایتەخت رەتیکردەوە هێرشبەرەکەی بەو دوو یانەیە بفرۆشێت.





**سەنگین قادر:**

**یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی ڕانیە:**

# خەونی گەورەم ئەوەیە هەڵبژاردەی دەوڵەتی کوردستان ببینم

قەزای ڕانیە یەکێك لەو قەزایانەی کە ناوچەیەکی بەرفراوان لەخۆ دەگرێت و خاوەنی چەندین وەرزشکاری بەتوانایە لە سەر ئاستی کوردستان لە یارییە جۆراوجۆرەکان و تیپی باڵەی یانەی ڕانیەش یەکێکە لەو تیپانەی کە خاوەنی ژمارەیەك یاریزانانی بەتوانایە لەسەر ئاستی کوردستان، سەنگین قادر، لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٢، یەکێکە لە یاریزانە بە تواناکانی شاری ڕانییە، بۆ یانەکانی وەك پێشمەرگەی سلێمانی یاری کردووە، جگە لە یاریی باڵەش چەندین یاریی دیکەی وەرزشی ئەنجام دەدات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

***ئاستی یاریی تۆپی باڵە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- یاریی باڵە لە ئێستادا لە ئاستێکی نزمدایە هۆکاری یەکەمیش قەیرانی داراییە ئەمەش وای کردووە هیچ خولێك نەبێت و ئاستی بەرەوپێش نەڕوات.

***ئەنجامدانی پاڵەوانیەتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

-بەهۆی ئەنجامنەدانی پاڵەوانیەتی هۆکارێکی گرنگە کە وا دەکات یاریزان دووربکەوێتەوە لە مەشق و راهێنان بەمەش هەم ئاستی یاریزانان و هەم بە گشتی ئاستی باڵەش روو لە کزبوون و نەمان دەکات، بە نموونە ئێمە کچانی رانیە لەو کاتەی پاڵەوانیەتیەکانی کوردستان وەستاون راهێنانەکانمان ئەنجام نادەین.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی تۆپی باڵەی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

- پێویستە یانەکان و لیژنەی پاڵەوانیەتییەکان سپۆنسەر وەربگرن لەگەڵ کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی بتوانن ساڵانە هەر چی نەبێت چەند پاڵەوانیەتییەك بۆ ئاستە جیا جیاکان ئەنجام بدەن داهاتێك بونیات بنێن بۆ خۆیان بتوانن هەم یاریزانی باش بێنە ریزەکانیان و هەمیش بتوانن خولەکان ئەنجام بدەن.

***گرفتی تۆپی باڵە لە چیدا دەبینی؟**

- قەیرانی دارایی و نەبوونی خول ئەمانە گرفتن، بە پلە یەك بودجەی یانەکان و دواتریش کەسی نەشیاو لە شوێنی شیاو کە لەم کوردستان هۆکارێکی تری تێکدەرە بۆ هەموو بوارەکان.

***لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟**

- بەڵێ، لە یانەی رانیەش گرێبەستم پێشکەشکراوە، لە هەریەك لە یانەکانی پێشمەرگەی سلێمانی و کلیلی دەروازەشم بۆ هاتووە.

***بەنیازی چی بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- لە رابردوودا پرۆژەی زۆرم ئەنجامداوە لە بواری وەرزش و لە بواری جیاجیای تریش و هەر بەردەوامم لە داهاتووشدا پرۆژەی ترم دەبێت بەردەوام حەزم لە نوێگەرییە.

*** تۆ لە یەك کاتدا چەند یارییەکی وەرزشی ئەنجام دەدەیت، بۆ نموونە راهێنەری تۆپی پێ و خولی پاسکیل بەڕێوە دەبەیت لەکامە وەرزش خۆت بەسەرکەوتوو دەزانی؟**

-بەڵێ، لە رانیە لە چەند بوارێکی وەرزشی کاردەکەم، بەڵام لە هەموویان زیاتر حەز دەکەم گرنگی بە یاریی باڵە و باسکە و تۆپی دەست بدەم لە سنوورەکەمان هەر کارێکم کردبێت بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کردوومە بۆیە هەر کامێکیان بکەم دڵنیام سەرکەوتوو دەبم چونکە کارەکانم خۆشدەوێن.

***لەگەڵ ئەوەیت یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- نەخێر، چونکە خۆمان راهێنەر و یاریزانی سەرکەوتوومان هەیە، ئەگەر بهێڵن بە ئارەزووی خۆیان کاربکەن، دڵنیام سەرکەوتنی گرنگ بەدی دێت.

***چۆن بوو یانەی رانیەت هەڵبژاردووە؟**

-خۆم لەم شارە دەژیم و حەزیشم دەکرد بتوانم ناوی شارەکە لە ریزی یانە سەرکەوتووەکانی کوردستان ببینم کە یانەی رانیەش لە نایابی کوردستانە ئەمەش جێی خۆشحاڵیمە

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو یاریزانێك؟**

-خەونم ئەوەیە بتوانم هەرچی یارییە جیاوازەکانە لە کوردستان ئەنجام بدەم و پاڵەوانیەتییان بۆ بکەمەوە .

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

-داوام وایە لە بەرپرسان خەونی گەنجان بەدیبهێنن گرو تین بخەنەوە ناو دنیای پێشبڕکێ .

***بەهیوای ئەوەیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

-ئەمە هیواو خەونی هەموو یاریزانێکە و خەونی گەورەی منیش ئەوەیە هەڵبژاردەی دەوڵەتی کوردستان بونیاد بنرێت و منیش یەکێك بم لە یاریزانەکانی .

***بەرنامەت بۆ وەرزشی شاری رانیە چییە؟**

-بەرنامەی بەردەوامم هەیە هەمیشە هەوڵم بۆ شارەکەمە جگە لە بواری وەرزشی من لە بواری جیاجیای تریش هەوڵ بۆ شارەکەم دەدەم.

***ئەگەر شتێکت لە کۆتاییدا مابێت؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی یاریزانانی شارەکانی کوردستان بە بێ جیاوازی، بە هیوام هەڵبژاردەی باڵەی کوردستانیش ببێتە یەکێك لە هەڵبژاردەکانی جیهان.

